## دووربە لەم ..... دلشاد ئیبراهیم

ئەی هەورە خەمئامێزەکە
مەمدەرە بەر ڕێژنەی خەمی نیگاکانت
لەم مەملەکەتە شێواوەی حوزنی منا
خەم بە خەم سەبوری نایە
لەم مێژووە دابڕانەی عیشقی منا
زین بۆ مەمو وەلی بۆ شەم دوایی نایە
لەم کێلگە زەردەی بیابانی حەزی منا
جگە سەراب قومێ ئاو و چلێکی سەوزیش دەرنایە
لەم ئاسمانو ئاسۆی شەوەزەنگەی منا
جگە ڕەشەبای غوربەتو نائومێدی
خۆری گەشو مانگو ئەستێرەش هەڵنایە

ئیدی هێندەی دووری هیواکان
دوور بە لێم
ئیدی هێندەی مەودای ڕێگاکان
وون بە لێم

من نامەوێ جارێکی دی
غەموغوربەتی نیگاکان بگرمە کۆڵ
وەك مەجنونی دووری لەیلا
بکەومە نێو پێدەشتی چیای سەختو چۆڵ

من نامەوێ بۆ ڕەواندنەوەی ماتەمێك
بکەومە نێو بیشەڵانی تەمێکی تر
مەحاڵە بۆ یاد چوونەوەی زامی شەمێك
ببمە کۆیلەی شەمێکی تر

ئەی بورکانی نیگاو خەندەئامێزەکە
تۆ نازانی دڵم دیلی سەفەرێکە
لە پاشکۆیا،
مەرگوغوربەتوژیانی سوار کردوە
تۆ نازانی دڵم کاروانچی ڕێیەکە
لە قافڵەیا،
هیوای دوارۆژ وئەوینی بار کردوە
ئیدی بەم بەرگی سەفەرە شووشەییەوە
چۆن خۆت ئەدەیتە دەست شانسی هیواکانم
ئیدی بەم کاروانە چارەنوس سازەوە
چۆن خۆت ئەدەیتە دەم سەختی ڕێگاکانم
ئیدی شەپۆلی سەرنجونیگاکانت
بۆ منی ژینتاڵی بێسنوور تاو مەدە
لە ئێستاوە گوڵی حەزو هیواکانت
بە کانیاوی دڵی پڕ خەمم ئاو مەدە
دەواری ئومێدو دوارۆژی ژیانت

له كه‌نارى بنه‌ى له‌قاوما هه‌ڵمه‌ده

**dilshad_sharef@hotmail. com**